# وێنەی کورد لە چایخانەیەکی تاریکی بڕوکسڵدا

خەسرۆ پیربالٓ

ڕوژی ١٩ / ٢٠٠٣/١٠ لە شاری بروکسلّدا ، پایتەختی بەلژیک ، لە کولانێکی کۆنی ئەم شارەدا ، لە شەقامێکدا ، ناوی بولڤاری پوسونیێیدا پیاسەم دەکرد، چەند کتێبخانەیەکی کۆن و نوێی تێدابوو ، وەکوو عادەتێکی فڕانکوفۆنیانە ، سەیری کتێبخانەکانی شارو خوێندنەوەی ناونیشانی کتێبە نوێیەکاندا ، سەرم بە چەند کتێبخانەیەکی ئەو شارەدا کرد .بە فورسەتم زانی چەند کتێبێکی عەرەبی و فەڕەنسی بکڕم. ..

ئێوارەبوو لە گەڕانەوەمدا بو هوتێلەکەم ، لە هەمان شەقامدا چایخانەیەکی کۆنم بەرچاوکەوت ، لە ژوورەوە ،چەند عەرەبێکی جەزائیرب و مەغریبی تێیدا دانیشتبوون ، خەریکی چایو قاوەخواردنەوەبوون ، منیش لێیان چوومە ژوورەوەو سەلامم لێکردن ودانیشتم، داوای چایەکم کرد ،خاوەنی چایخانەکە، پیاوێکی زۆر بەتەمەنی عەرەبی مەغریبی بوو ، بەخێرهاتنی کردم وبەفەڕەنسی پێی گوتم: خەڵکی کوێی ؟

منیش ووتم کوردم و خەڵکی کوردستانی عیراقم ! .

ئینجا بە عەرەبی دیسانەوە بەخێرهاتنی کردمەوە و پاش ماوەیەکی کەم چایەکی شیرینی بوهێنام.

کە سەیری دەوروبەری خۆمم کرد ، لە تەنیشتمەوە چەند کتێبێک و هەندێک بڵاوکراوەی کونی لێ دانرابوو ، پاش تێرامان ، کتێبێکی کۆنم بەرچاو کەوت ، کە بە زمانی عەرەبی و فەڕەنسی نووسرابوو : (وێنەی عێراق )، منیش بەپەلە دەستم بۆ بردوو سەیرم کرد، کتێبەکە هەمووی وێنەبوو ، ئەلبوومێک بوو ، وێنەو رەسمی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشووری تێدابوو ، بۆ نموونە : ( هەولێر - کەرکووک - سولەیمانی - تەوێلە- دەربەندیخان - دوکان- زاخۆ ) ، جگە لەمانەش ، هەندێک وێنەی پیاو و منداڵی کوردی قەشەنگی تێدابوو، زۆر بە پەرۆشەوە لە خاوەنی چایخانەکەم پرسی : ئەم کتێبە زور کونە ساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە ، لێرە چی دەکات و هی کام دەزگایە ؟

وتی : دە ساڵ زیاترە ،ئەو کتێبە برادەرێکم لێرەی داناوە، بەڵام کەس وەکوو تۆ سەیری نەکردوە ،دەزانم وێنەی عێراقی تێدایە، زۆر کۆنە ، ماوەیەکی درێژە هەر کەس سەیری نەکردووە ..! .

منیش لە دڵی خوم ووتم ، با داوای لێبکەم ئەم ئەلبوومەم بداتی ، لەبەر ئەوەی وێنەی کوردو کوردستانی تێدایە ، کە داوام لێکرد ئەم ئەلبوومەم بداتی ، لەوەڵامدا ووتی : نەخێر من ئەو برادەرەم بە دیاری داویەتی بەمن ، منیش نایدەم بەکەس !!

پێشتر شارەزای کەسایەتی عەرەبی مەغریبی ببوم ، ساڵانی ١٩٨٩ هەتا ١٩٩٦ لە فەرەنسا بووم ، شارەزایان ببوم ، گوتم دەباشە ئەم ئەلبوومەم پی بفروشە ، ها ئەوە پەنجا ئێروت بدەمی ...

لەوەڵامدا ووتی نەخێر من نایفروشم !

منیش لە دڵی خومدا ، گوتم کوڕە وەرە .. ها ، عەجایب !!؟

هەتا دەهات گفتووگویەکەمان گەرمترو تەنگتر دەبووە ، گوتم ئێ باشە چی بکەین ؟ خوتان دەزانن ، لەم ئەلبوومەدا هەندێک وێنەی گرینگ و جوانی وڵاتی کوردستانی تێدایە ، دەمەوێت بیانگەێنمەوە کوردستان ، وەکو ئارشیف بیانپارێزین .. هیوادارم هاوکارمان بیت ، ئەم ئەلبوومەم بدەیتی ، لەوەڵامدا هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچ هاوکاریەک نەنوێنێت ، منیش فڕۆکەکەم بۆ ڕوژی داهاتوو بوو ، دەبووایە سەعات ٦ شەشی بەیانی لە فڕوکەخانەی بڕوکسڵدا بەرەو( هلسنکی ) بگەڕێمەوە .. دەبووایە چارەسەرێک بدۆزمەوە ، یانیش ئەوەتا وازم لەو کتێبە هێنابا ، ئەم ئەلبوومە لەو چایخانە پیس و تاریکەی عارەبێکی مەغربی بڕوکسڵدا لەناوچووبا . ...

بۆ دووا جار بە پیاوە پیرەکەم گوت، ئی باشە چۆن بتووانم ، ئەم ئەلبوومە کۆپی بکەم ؟ پاشان بۆتی بگەڕێنمەوە .، گوتی ئەگەر ناسنامەیەکی خۆتم بۆ بەجێ بهێڵیت ، ئەوە هەتا بەیانی دەتووانی لە لات بمێنێتەوە ، لە قسەکانی دیاربوو ، هێندە گوێی بۆ مەسەلەی کوردو کوردستاندا نە بێت ، نە هێندەش خەمی مەسەلەی ئەرشیفی کوردستانی بوو ، منیش هەر لە سەرەتاوە هەستم بەوە کردبوو .

وتم باشە ، لە گیرفانمەوە ، ناسنامەی تایبەتی(Cart Identity) ) خۆمم بۆ دەرهێنا و دامنا سەر مێزەکەی پێشمان ، ناسنامەی فینلەندی بوو ، بە ڕاستی ئەو کارەم تاقە چارەسەرێک بوو ، بۆ ئەوەی ئەو ئەلبوومەی لەژێر چەپوکی دەرباز بکەم و بیگەێینمە کوردستان، وەکو هەمیشە دڵنیام ، کە ئەم بەڵگەنامە و ئەلبوومە ، لە ناسنامە فینلەندیەکم گرینگترو پیروزترە بو میللەتەکەم...

وتی هەتا ئەو ئەلبوومەت لابێت ، من ئەو بەڵگەنامەیەت نادەمەوە !

زۆرم پی خوشبوو ، گوتم باشە، سوپاستان دەکەم و کتێبەکەم هەڵگرت و لە چایخانەکە هاتمە دەرەوە .

من ئەو کارەم کرد ، لەبەر ئەوەی لە مێژە هەستم بەوە کردووە ، کە ئێمەی کورد ، هیچ گرینگیەکمان بە ئەرشیف و بەڵگەنامەی مێژوویی و وێنەی کورد و کوردستان نەداوە ، هەموو ئەو بەڵگەنامانەمان بەم شێوەیە لە پایتەختەکانی ئەوروپادا بڵاوو بزر بووینە ، من ئەم کارەم کرد و ویستم ، ئەو وێنە جوانانەی کورد بگەڕێنمەوە ئارشیفخانەکانی کوردستان.

ئەو چەند وێنانەش ، بەشێکن لەو ئەلبوومەی ، کە بەم زووانە دەیگەێنمە ، ئەرشیفخانەی ماڵی شەڕەفخانی بەتلیسی لە هەولێر.





خەسرەو پیربالٓ / فینلەندا .Pirbal@hotmail.com

**سەرچاوە:**

**# ئەلبوومێکی وێنەی جوراوجورە**

**ناوونیشان:**

**( عێراق ، چەند دیمەنێک ) - ساڵی ١٩٥٨ / بڕوکسلٓ ١١٤ لاپەڕەیە ، ( ١١ X ١٥ ) بە زمانی فەڕەنسی و وەلونی ( بەلژیکا ).**

**Images En ، Irak'L**
**،Hilali-al Hamid Dr**
**١٩٥٨ - Bruxelle**
**Co- ، Mercur -Orient Edition**
**Allemagne Deutz-logne**